The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com




# چاك دژبە جێبەجێنەكردنی سزای بڕیاردراو بەسەر تاوانكارانی ئەنفال داوای دەربڕینی نارەزایەتی و لە ناوخۆی كوردستان و هاندەران دەكات

**كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال**

**بنەماڵەی شەهیدان و كیمیابارانكراوان**

**ڕێكخراوەكانی داكۆكیكەر لە مافی ئەنفالكراوان و كیمیابارانكراوان و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەی دێرین**

**هاووڵاتیانی خۆشەویست**

هەروەك دەبینین و دەبیستین دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق بە تایبەتیش دەستەی سەرۆكایەتی عێراقی و ئەمەریكییەكان ئامادە نین تاوانكارانی ئەنفال تەسلیم بە لایەنە پەیوەندیدارەكان بكەن بۆ جێبەجێكردنی بڕیاری بڕیاردراو بەسەریاندا .

عەلی حەسەن مەجید و تاوانبارانی دیكە كە لە مێژووی نوێدا مەزنترین تاوانیان بەرامبەر بە گەلەكەمان ئەنجامداوە و پەشیمانیش نین لە تاوانەكانیان , خۆشەویستانی ئێمەیان بە دڕندانەترین شێوە بە كۆمەڵ لەناوداوە , شایانی ئەو سزا توندە بوون لە دادگا بۆیان بڕایەوە , جێبەجێنەكردنی سزاكە لە وادەی خۆیدا و ئەگەری ڕێككەوتن لەسەر سازشی سیاسی لەسەر بڕیاری دادگا و جێبەجێنەكردنی سزاكە , گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە قوربانیان و خودی ئەو دادگاییە دەكرێت , كە لە یەكەم ڕۆژی دەست بەكار بونیەوە ئێمە خستمانە ژێر پرسیارەوە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك بانگەوازی هەمولایەك دەكەین , با بە ئەنجامدانی ناڕەزایەتی و سكاڵا تۆماركردن لەسەر ئەوانەی ناهێڵن یاسا جێبەجێبكرێت , نەهێڵین تاوانكاران لە سزای بڕیار دراو ڕزگاریان بێت . با دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان بگەیەنیینە هەموو لایەك , با بە ئەركی مێژویی خۆمان هەڵبستین و ویژدانی خۆمان لە بەرامبەر قوربانیەكانمان ئاسودە بكەین ، با ئێمەی جەرگ سوتاوان و كەس و كار ئەنفالكراوان و شەهیدان بە یەك دەنگ هەموو پێكەوە بڵێین:

**دەبێت بڕیارەكانی دادگا دەست بەجێ جێبەجێبكرێت .**

**دەبێت سەرجەم تاوانكاران بەبێ جیاوازی بدرێنە دادگا .**

**نابێت سازش بە بڕیارەكانی دادگا بكرێت**

**ناوەندی چاك**

2007-11-15

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تێبینی : هەر بەیان و بانگەوازێك ئەم ئادرەسانەی لەسەر نەبێت , چاك بەرپرس نییە لێی .**